# ئافرەت لە دەستووری کوردستان

شلێر رەشید:

**ئاواتەخوازم ئافرەتان لە چوارچێوەی بیرکردنەوەی تەسکی کۆمەڵایەتی خۆیان دوورخەنەوە**

یەکێک لە کارە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان نووسینی دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان بوو، بەڵام تەنها لە دوو مادە بە ئاشکرا باس لەمافی ژن و ئافرەتان دەکات. لەم دیمانەیەدا لەگەڵ خاتوو شلێر رەشید هەوڵدەدەین تیشک بخەینەسەر ئەم دوو مادەیە و چەند لایەنێکی پەیوەندار:

*** ئەم دەستوورە تا چەند مافەکانی ئافرەتانی لەبەرچاو گرتووە؟**

– ئەگەر بڕوانینە ناوەڕۆکی دەستووری پێشنیازکراوی هەرێمی کوردستان تەنها لە دوو مادە بە ئاشکرا باس لە مافی ژن و ئافرەتان دەکات.

*** ئەم مادانە کامەن و لەچی دەدوێن؟**

– لە دەروازەی دووەم لەبەشی یەکەم مافە مەدەنی و سیاسییەکان)دا مادەی ٢١دا هاتووە:(ئافرەتان لەگەڵ پیاوان یەکسانن، رێگە بەجیاکاری لەدژی نادرێت. حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەموو ئەو مافە سیاسی و مەدەنییانە دەستەبەر دەکات، کە لەم دەستوورەدا هاتووە. لەلایەکی دیکە هەموو ئەو پەیماننامە، رێکەوت ننامە نێودەوڵەتیانەی هەموارکراوە لەلایەن دەوڵەتی ئێراقەوە پەسندی کردووە بۆ ئافرەتان، دەبێت لەبەردەم هێنانە ئارای یەکسانی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتوری، ئابووری، سیاسیدا لابەن.

هەروەها لە مادەی (٢٣)دا هاتووە: لە ٢٥ ٪ی کورسییەکانی ئەنجومەن و پەرلەمان تەرخان دەکرێت بۆ ئافرەتان.

*** کێ بەرپرسە لەم ٢٥ ٪ -ە؟**

–بەدڵنیاییەوە حزبەکان

*** ئایا ئەو ئافرەتانە دەتوانن نوێنەرایەتی هەموو ئافرەتان بکەن؟**

– تا رادەیەک، چونکە ئەوان لەسەر لیستی حزبەکان دابەزیون. بۆیە ناچارن بەرنامەی حزبەکانیان جێبەجێ بکەن.

*** ئایا ئەم رێژەیە باشە، یان خراپە، بۆچی؟**

– دوولایەنە لەلایەک باشە و ئەمیش ئەوەیە ئافرەت دێتە پێشەوە و دەتوانێت شوێن پێی خۆی بکاتەوە، بەڵام لایەنە خراپەکەی ئەوەیە، کە حزب بەرپرسیارە لەوکەسانەی دایاندەنێت بە ئافرەت و پیاوە وە بەبێ گوێدان بە توانای کەسەکان.

*** چیدیکە؟**

– ئاواتەخوازم ئافرەتان لە چوار چێوەی بیرکردنەوەی تەسکی کۆمەڵایەتی خۆیان دوورخەنەوە وەکو مرۆڤ تەماشای خۆیان بکەن، چونکە پێش ئەوەی ئافرەت، یان ژن بین مرۆڤین!



**دیمانە: فریشتە**